

**تحسين شێخ ڕەئوف**

مناڵێکمان دایە دەست با
بردیە شاخ و گەورەی کردو کردیە مێژو
مناڵیکمان دایە دەست قەدەر
بردی و گەورەی کردو لە دواییدا
یەك یەك لاپەڕەکانی مێژوی دڕان
****        ****        ***

# ژن

ماڵی بێ ژن
دونیایکی بێ هەتاوو..وڵاتێکی بێ یاساو
شەقامێکی چۆڵە
ماڵی بێ ژن
لە ماڵی دڵی من دەچێ
دایم شپرز ..
پڕ لە مەراق
هەمیشە تەنها.
***    ****    ****

# هاوڕێ

هەموو ئێوارەیەك  خەمەکانم بۆ شەقامەکە دەگێڕمەوە

ئەو هەر پێم پێ دەكەنێ
ئەم شەقامە پرچ زەردە لە خەم ناگات
بۆیە ناتوانم ببمە هاوڕێی .
*** **** ***

## نهێنی .

شقارتەیەك پێش داگیرسانی
بەردێك پێش گلۆر بوونەوەی
یەكەمیان : ڕوناكیەكەی لە دڵی دا حەشار دا بوو
دووهەمیان:هاوارێك .
**** **** ****

## خەم .

من و خەم دوو هاوڕێین
دوو هاوڕێی منداڵی
من و خەم دوو هاوڕێین ماڵمان لە یەك گەڕەكە
پێ دەچێ پێكیشۆ لە دایك بووبین
من و ژیان دوو هاوڕێین
بەڵام ..
ئەو چەند سەدەیەك لە من گەورەتر
بۆیە..
هەمیشە پێكەوە ناگونجێین.
***** **** ****

## شاكر فەتاح

جگەرەیەك لە گەڵ دروست بوونیا
چیرۆك نوسێك لە گەڵ لە دایك بوونیا
یەكەمیان: لە نێو چاوانی نوسرابوو بە دەنكێ شقارتە ئەسوتێ
دووهەمیان: لە سێدارە ئەدرێ
*****   *****   *****

## پرسیار

شار هەیە گەورە
شار هەیە بچوك
شار هەیە ناخۆش
شار هەیە خۆش
لە شارێكدا ڕۆژی سەد دڵ
بە پرچێ شۆخێ لە سێدارە ئەدرێ
لە شارێكدا ڕۆژی سەد دڵ
بە چاوی شۆخێ وێران ئەبێ
پاش وێران كردنی ئەو هەموو دڵانە
مافی مرۆڤ
كەی ئۆردوگایەك بۆ ئەو هەموو حەزە سەر لێشێواوانە دەكاتەوە؟
*****   *****   *****

## یادێ

شاعیرێ لە 26 ساڵی تەمەنیدا مۆمێکی داگیرسان
نەیوێرا فویەکی لێ بکات ئەم
تا توایەوە ئەو
لە کۆتایی ئەو یادەدا بە پێنووسەکەی ئەم چەند دێڕەی نوسی
_(ئەوەی ئێستە لێی دەترسی ناتەوێ بیکەی.. بۆ خۆی کۆتایی پێ دێ...چونکە زەمەن چاوەڕێی هیچ ناکات)
دەبووایە
زوتر فوویەکی لێ بکردایە ئەم.
*****   *****   *****

## مانگ

لە زوویەکی زووەوە دڵی دایە ڕوبار
پێی ووت: من دەتخوازم
ئیدی لەو ڕۆژەوە ڕووبار سەما بۆ مانگ ئەکات
لە زوویەکی زووەوە خۆر جێ ژوانی بۆ مانگ دیاری کرد
پێی ووت: من دەمەوێ تۆ بخوازم
لەو ڕۆژەوە مانگ دوو دڵە
نازانێ ڕوبار بخوازێ یان ببێتە هاوسەری خۆر
مانگ دوو جنسە!!
بۆیە هەمیشە ڕەنگی زەردە